**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٩٣٠٠ لە ٢٠١٧/٦/١**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧
## ڕێنمایی تۆمارکردنی ئوتومبێلی تۆمارنەکراو

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە کارپێکردنی یاسایی فیدراڵی هاتووچۆی عێراقی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ و بە مەبەستی نەهێشتنی دیاردەی ئۆتۆمبێلی تۆمارنەکراو وە بۆ پاراستنی باری ئەمنی هەرێمی کوردستان و ڕێگاگرتن لە خۆدزینەوە لە ڕێنمایی و سزاکانی هاتووچۆ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ماددەی (١):-**

سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە خوارەوە دیاری کراون لە تۆماری هەمیشەیی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی هەرێم تۆمار دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی بیانی بە هەموو جۆرەکانی کە تا ٢٠١٧/٥/١ هێنراونەتە ناو هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی لە دەروازە سنوورییەکان .

٢- ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی کاتی (فحص مؤقت) پارێزگاکانی تری عێراق بە مەرجێك لە هیچ پارێزگایەکی عێراق بە ژمارەی هەمیشەیی تومارنەکرا بێت و ئەوانەی تۆمارکرا بن بە پێی بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

٣- ئۆتۆمبێلی هاوردەکراوی هەڵگری تابلۆی (ژمارەی کاتی) هەرێم کە بە شێوەیەکی یاسایی لە دەروازە سنورییەکان هێنراون و تۆمارنەکراون تا بەرواری ٢٠١٦/٣/١ بە مەرجێك فروشراو بن لە لایەن کومپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل.

٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراق هێنراون بۆ هەرێمی کوردستان و بە پێی بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٣ تۆمارنەکراون کە مۆدێلیان لە (٢٠٠٠) بەرەو سەرەوەیە.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە دەروازە سنورییەکانی عێراق هاوردەکراون و لە هەرێمی کوردستان تۆمارنەکراون.

**ماددەی (٢):-**

١- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل هەموو جۆرەکانی (تایبەت ، کرێ ، بارهەڵگر ، کشتوکاڵی ، بیناسازی و پیشەسازی) دەگرێتەوە.

٢- نابێت ئەو ئۆتۆمبێلانە لە هیچ پارێزگایەکی تری عێراق و هەرێم تۆمارکرا بن و نابێت هیچ سکاڵایەکی یاسایی لەسەر بێت.

**ماددەی ( ٣ ):-**

**مەرجەکانی تۆمارکردن:**

**ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ماددەی یەکەم ئاماژەیان پێدراوە بەم مەرجانەی خوارەوە تۆمار دەکرێن:**

**١- پێشکەشکردنی داواکارییەك لە لایەن خاوەن یان (حائز)ی ئۆتۆمبێلەکە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆیەی کە دەیەوێت ئۆتۆمبێلەکەی لێ تۆمار بکات.**

**٢- پڕکردنەوەی بەڵێننامەیەك لە بەردەم فەرمانگەی یاسایی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ کە دەیەوێت ئەو ئۆتۆمبێلەی لێ بە ناوی خۆی تۆماری بکات هیچ کێشەی لەسەر نیە بە پێچەوانەوە ئۆتۆمبێلەکەی ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ بکات و بە پێچەوانەوە بەرامبەر یاسا بەرپرسیار دەبێت.**

**٣- پێدانی ڕەسمی تایبەت بە تۆمارکردنی ئەم ئۆتۆمبێلانە کە لە خشتەی (١)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە دیاری کراون.**

**٤- أ. بڕە پارەیەك وەردەگیرێت وەك سزای دواکەوتن بەو شێوەیەی کە لە خشتەی پاشکۆی ژمارە (٢) هاتووە.**

**ب. ئەو بڕە پارانەی کە لە خشتەی پاشکۆی ژمارە (٢) دیارکراون جێگای گشت ئەو سزایانەی دواکەوتن دەگرێتەوە کە لە بەڕێوەبەرییەتەکانی هاتووچۆ لەسەر ئۆتۆمبێلەکەی تۆمار کراون.**

**ج. خشتەی ژمارە (٢) لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانە جێ بە جێ ناکرێت کە هەڵگری تابلوی بیانین و بە شێوەیەکی فەرمی لە خالە سنورییەکان هێنراون ، ئەو ئۆتۆمبێلانە پێویستە گشت ئەو سزایانەی لەسەریان تۆمارکراوە بدەن.**

**ماددەی ( ٤ ):-**

**دەبێت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری تۆمارکردن سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ماددەی (یەکەم) بڕگەی (١) دیاری کراون ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گومرك بکرێن بە مەبەستی دانی باجی گومرك بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەگەر نەدرا بێت.**

**ماددەی ( ٥ ):-**

**١- تۆمار کردنی ئۆتۆمبێل بە شێوەی هەمیشەیی ڕێگر نابێت لە بەردەم هەر داوایەکی یاسایی بە خاوەنداریەتی ئەو ئۆتۆمبێلە.**

**٢- ئەگەر خاوەنداریەتی ئۆتۆمبێل لە لایەن کەسێکی تر سەلمێندرا ئەوا تۆمارەکە بە ناوی کەسی یەکەم هەڵدەوەشێتەوە بە پێی بڕیاری کۆتایی دادگا.**

**ماددەی ( ٦ ):-**

**١- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەڵگری تابلۆی کاتی پارێزگاکانی تری عێراقن دەبێت باجی هەرێمیان هەبێت ئەگەر خاوەنەکەی یان حائزەکەی ئاوارە بێت لە هەرێمی کوردستان بە پشتگیری ئیدارەی ئەو پارێزگایەی لێی تۆمارکراوە وەك ئاوارە و دەبێت ئۆتۆمبێلەکە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئەو پارێزگایە تۆمار بکات.**

٢- ئەم ماددەیە شان بە شانی ڕێنمایی ژمارە (١٥/د) لە ٢٠١٥/٥/١٨ تایبەت بە گواستنەوەی خاوەنداریەتی ئۆتۆمبێل و پێدانی مۆڵەتی شوفێری بە هاووڵاتیانی پارێزگەکانی عێراق جێ بە جێ دەکرێت.

**ماددەی ( ٧ ):-**

ئەو رەسم و سزایانەی کە لە خشتەی ژمارە (١و٢)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە هاتوون بە هەماهەنگی نێوان هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و دارایی و ئابووری دیارکراون.

**ماددەی ( ٨ ):-**

١- ئەم ڕێنماییە بۆ ماوەی (١٢٠) ڕۆژ کاری پێ دەکرێت لە دوای بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان و دەبێت لەو ماوەیە گشت ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە تۆمار بکرێن.
٢- دوای تێپەربوونی ئەم ماوەیە ئەو ئۆتۆمبێلانەی تۆمار نەکراون دەستیان بەسەردا دەگیرێت و ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ دەدرێت بە خاوەن یان (حائزی) ئۆتۆمبێلی دەست بەسەرداگیراو بە مەبەستی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلەکە.
٣- بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن لە ماوەی دەست بەسەردا گرتنی ئۆتۆمبێلەکە بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار وەك سزای دواکەوتن وەردەگیرێت.
٤- دوای تێپەربوونی ماوەی دیارکراو لە بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە ئۆتۆمبێلە دەست بەسەرداگیراوەکە بە پێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ هۆیەکانی گواستنەوەی دەست بەسەرداگیراو و جێهێڵدراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی ( ٩ ):-**

ڕێژەی (٨٠٪) لە کۆی داهاتی رەسم و سزاکانی ئەم ڕێنماییە دەخرێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ڕێژەی (٢٠٪) لە کۆی ئەم داهاتە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکان و بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت بە مەبەستی پەرەپێدانی هاتووچۆ.

**ماددەی ( ١٠ ):-**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

## خشتەی ژمارە (١)

## خشتــەی ڕەسم تـایبەت بە تـۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە

| ژ | جۆری ڕەسم | بڕی ڕەسم بە ژمارە | بڕی ڕەسم بە نووسین |
|---|---|---|---|
| ١ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٣) پستون<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٤٠٠,٠٠٠ | چوار سەد هەزار دینار |
| ٢ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٤) پستون<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٦٠٠,٠٠٠ | شەش سەد هەزار دینار |
| ٣ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٥) پستون<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ٤ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٦) پستون<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٤٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار |
| ٥ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٨) پستون<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٦٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار |
| ٦ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی صالون (٨) پستون زیاتر<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ٧ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی ستیشن (٤) پستون<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ٨ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی ستیشن (٦) پستون<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٥٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٩ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی ستیشن (٨) پستون<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ١٠ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی ستیشن (٨) پستون زیاتر<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٢,٥٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ١١ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی مینی پاص تا (١٥) کەسی<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٨٠٠,٠٠٠ | هەشت سەد هەزار دینار |
| ١٢ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی پاص تا (١٦ تا ٣٩) کەسی<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ١٣ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی پاص تا (٤٠) کەسی<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٥٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٤ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لە جوری پیکاب<br>(تاك کابینە و کابینە و نیو)<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٩٠٠,٠٠٠ | نۆ سەد هەزار دینار |
| ١٥ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لە جوری پیکاب (دەبل کابینە)<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٢٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | تۆمارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لە (٨) پستون زیاتر لە جوری پیکاب (تاك كابینە و كابینە و نیو و دەبل كابینە)<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٤٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار |
| ١٧ | تۆماركردن بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لە ( ١ تا ٤ ) تەن جگە لە پیكاب<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٥٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٨ | تۆماركردن بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لە (٤) تەن زیاتر<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ١٩ | تۆماركردن بۆ ئۆتۆمبێلی (كشتوكاڵ ، بیناسازی و پیشەسازی)<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |

## خشتەی ژمارە ( ٢ )

## خشتەی سزای دواكەوتن تایبەت بە تۆماركردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە

| ژ | جۆری سزا | بڕی ڕەسم بە ژمارە | بڕی ڕەسم بە نووسین |
|---|---|---|---|
| ١ | ئۆتۆمبێلی تایبەت<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ٢ | ئۆتۆمبێلی پیك ئاب (تاك كابینە ، كابینە و نیو ، دەبل كابینە)<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٨٠٠,٠٠٠ | هەشت سەد هەزاردینار |
| ٣ | ئۆتۆمبێلی پاص و مینی پاص<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ٤ | ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لە یەك تەن تا چوار تەن<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ١,٥٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٥ | ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لە چوار تەن زیاتر<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار |
| ٦ | ئۆتۆمبێلی (كشتوكاڵی ، بیناسازی و پیشەسازی)<br>مۆدێلی ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە | ٢,٢٠٠,٠٠٠ | دوو ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار |